# ئۆرۆپییە شارستانییەکان و رۆژهەڵاتییە دڕندەکان

ڤلادیمیر ئیلیتش لینین

ڕۆتشتاین(سۆسیال دیموکراتی بەناوبانگی ئەنگلیزی)لە رۆژنامەکانی ئەلمانیادا، باسی ڕووداوێکی نموونەیی ڕەمانای کرد کە لە هیندستانی ئەنگلیزی ڕوویداوە. ئەم ڕووداوە بە زمانێکی زۆر پاراو، هۆی بەپەلە پەرەسەندنی شۆڕش لەم وەڵاتە کە دانیشتوانی لە 300ملیون کەس، دەردەخا.

رۆژنامەوانی ئەنگلیزی ئارنۆڵد کە لە رانغۆن(شارێکی گەورەیەو ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 000 200کەس)ە لە یەکێك لە هەریمەکانی هیندستان، رۆژنامەیەك دەردەکا، ووتارێك لەژێر ناوی :((گاڵتەجاڕی بە دادگایەکی بەریتانی))بلاوکردەوە، تێدا ڕسوای دادوەری ئەنگلیز(ئاندریو)لە هەرێمەکە کرد. دادگا، لەبەر بلاوکردنەوەی ئەو ووتارە، ئارنۆڵد بە ساڵێك زیندانی سزادا، بەڵام رۆژنامەوانەکە بەدوای کێشەکەوە ڕۆیشت و بە گەورە پایەبەرزەکان لە لەندەن((گەیشت))، ئەوەش لەبەر پەیوەندییەکانی بەو ناوەندانەیە. حکومەتی هیند بەپەلە، سزاکەی بۆ4مانگ((کەمکردەوە)) و ئارنۆڵدشیان ئازاد کرد.

داخۆ لەبەر چی بوو بە ڕۆژی سەڵا؟

خۆشەویستەکەی کۆلۆنیلی لەشکری ئەنگلیز(ماك-کرۆمیك)، کیژۆلەیەکی هیندی تەمەن11ساڵی خزمەتکارێکی هەبوو. ماك-کرۆمیك، ئەم نوێنەرە کارامەی نەتەوەی شارستانییەت، ئانای کیژووڵە خستووەتە داوی خۆی و زەوتیکردووە و لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کردبوو.

بەڕێکەوت باوکی ئانا لەسەر جێگای مەرگ بوو، وبەڕێکای کەسێکەوە داوای کچەکەی کردبوو، لەم کاتەدا، دانیشتوانی گوندەکە لە مەسەلەکە تێگەیشتن؛ لە توندی تورەبوونیانەوە، ڕاپەڕین و پۆلیسیان ناچارکرد، بڕیاری دەستگیرکردنی ماك-کرۆمیك، دەربکەن.

بەڵام ئاندریوی دادوەر، بە کەفالەت ئازادی کرد و لەپاشاندا، پاش چەند گەمەیەکی شەرمێزانە بە یاسا، ماك-کورمیك بێ تاوان کرا!

کۆلۆنیلی بلیمەت، وەك کرداری هەموو ئەشرافە بەڕێزەکان، لەم جۆرە حاڵەتانە، گوتی ئانا سۆزانییە، و پێنج شایەتی هێنابوو بۆ سەلماندی قسەکەی، بەڵام ئەندریۆی دادوەر لەئاست ئەو هەشت شایەتە کە باوکی ئانا هێنابوونی، تەنانەت ئامادەش نەبوو گوێشیان لێ بگرێت! و کاتێ ئەرنۆڵدی رۆژنامەنووس بەتاوانی بوختانکردن سزادرا، سەرۆکی دادگا((سێر))(پایەبەرز)فوکس، ڕێگایی پێنەدا، کێشەکە بەپشتبەستن بە بۆچوونی شایەتەکان، بسەلمێنێ.

ئاشكرایە بۆ هەموو لایەك كەوا ئەم جۆرە چیرۆكانە لە هیند بە هەزاران و ملیونان جار ڕوودەدەن، بەڵام بارودۆخێكی سەرسوڕهێنەر وایكرد، ئارنۆڵدی((درۆزن))لە زیندان دەربچێ و مەسەلەكەی ئاشكراكرد.

ئێمە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ كە لیبراڵە ئینگلیزەكان لەسەرووی فەرمانبەرایەتی لە هیندستاندا((نوخبە))پیاوەكانیان دادەمەزرێنن. دەمێكە نووسەری رادیكالی ناسراو(جۆن مۆرلی) و((ئەستێرەی ئالای ئۆروپییەكان))و((پیاوی لە رادە بەدەر بەڕێز)) لێ

